### هاوڕێ باخەوان دامەزرێنەر و سەرپەشتیاری ماڵپەڕی (کوردیپیدیا) بۆ (باس):

# دەوێرم بڵێم (کوردیپیدیا) پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە

**لە سەردەمێکدا کە سەرچاوەکانی زانیاری بەرەو بە دیجیتالبوون دەڕۆن و ئەو کارە لەلایەن دەوڵەت و کۆمپانیا گەورەکانەوە ئەنجام دەدرێت، ڕۆژنامەنووس و کارمەندی نەتەوەیەکگرتووەکان هاوڕێ باخەوان بە دەستپێشخەریی خۆی بەتەنیا شانی داوەتە بەر ئەو کارە و هەنگاوی باشی لەو بوارەدا ناوە. باخەوان ماڵپەڕی (کوردیپێدیا)ی دامەزراندووە کە پڕۆژەیەکە بۆ کۆکردنەوەی هەر زانیارییەکی پێوەست بە کوردستان و کورد و وەک سەرنج دەدرێت، خەریکە لەبەرەوە دەبێتە پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردی. لەم دیمانەیەدا باخەوان وەڵامی پرسیارەکانی (باس) دەداتەوە و تیشک دەخاتە سەر هەنگاوەکانی داهاتووی پڕۆژەی (کوردیپێدیا).**



**(باس)نووسینگەی ئەڵمانیا**

**(باس)- پرۆژەیەکی لە جۆری کوردیپێدیا کاری دەوڵەت و دەزگە گەورەکانە، بەلایەنی کەمەوە کاری گرووپە، ئایا تۆ تەنیایت، یان هاوکارت هەیە؟**

هاوڕێ باخەوان: زۆر ڕاستە، پرۆژەی کوردیپێدیا ڕۆژ بە ڕۆژ گەورە و گرانتر دەبێت، باشتر وابوو دەوڵەت یان دەزگەیەکی گەورە بەو کارە هەڵبسێت! بەڵام کە نە دەوڵەت و نە دەزگەیەکی گەورە هەبێت کارێکی لەو جۆرە بکات، یان تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە، ناچار دەبێت کەسێک ئەو تەلیسمە بشکێنێت... لەو ڕووەوە من زۆر بەختەوەرم کە ئەو تەلیسمەم شکاندووە! سەرەتا کە دەستم کرد بەمپرۆژەیە، بۆ ماوەی دوو ساڵێک هەر خۆم بووم بەتەنیا. ویستم سەرەتا گایە گرنگەکانیپرۆژەکە دابنێم، چ لە باری تەکنیک و چ لە باری ئەوەی کە ئایا پلانیپرۆژەکە چۆن بێت و چ جۆرە زانیارییەک لەخۆ بگرێت، هەڵبەتە لەو دوو ساڵەشدا ڕاوێژم بە زۆر کەس کردووە و ڕاوێژی زۆر گرنگیان داومەتێ. ئێستەپرۆژەکە گەورە بووە و دەوێرم بڵێم پڕزانیاریترین سەرچاوەی کوردییە. بە یەک کەس هەڵناسووڕێت، چ لە باری کاتەوە و چ لە باری مادییەوە، بەتایبەتی کە ماوەی دوو ساڵێکە خەڵکانێکی زۆر ماڵپەڕی کوردیپێدیا دەکەنەوە و بابەت و وێنە و پەرتووک و زانیاری دەنێرن و ساغکردنەوە و پۆلێنکردنی ئەم زانیارییانەش بە یەک کەس ناکرێت. لە ئێستەدا گرووپێکی بچووک کار لە کوردیپێدیادا دەکات و بەهیوای ئەوەم گرووپەکە گەورەتر بێت و بتوانین ئەو زانیارییانەی لە کوردیپێدیادا نییە وەدەستی بهێنین و ئەوەشی هەڵەیە یان کەموکورتیی تێدایە، ڕاستی بکەینەوە. ئامانجمان ئەوەیە لە پاشەڕۆژدا هەرکەسێک ویستی زانیاری دەربارەی دیاردەیەکی کوردەواری پەیدا بکات، یەکسەر کوردیپێدیا وەک یەکەمین کەناڵ بەکار بهێنێت.

**(باس)- چۆن بیرۆکەی ئەم پرۆژەیەت بۆ هات؟**

هاوڕێ باخەوان: من بەهۆی کارەکەمەوە شارەزاییەکی باشم لە ئەرشیڤ و ئەرشیڤوانیی دیجیتاڵدا پەیدا کردووە. پێشتریشپرۆژەی (هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد)م خستە بەردەستی هاوزمانانم کە تا ئێستە گەورەترین و یەکەمین کرۆنۆلۆژیای کوردە لە مێژوودا و ساڵی 1999 لەلایەن دەزگەی چاپ و گەخشی سەردەمەوە بڵاو کرایەوە. بۆ دەوڵەمەندترکردنی هاوڕێنامە و پەیداکردنی سەرچاوە بۆ نووسینەکانی ترم، سەرچاوەیەکی گەورەی دیجیتاڵم کەوتە لا، لەوانە: وێنە و پەرتووک و زۆر بڵاوکراوەی تر... ئەو زانیارییانە بەشێوەیەکی کلاسیکی و ناڕێکوپێک لەسەر سی دی و هارد دیسک گاراستبوومن، زۆر جار بۆ خۆشم ئاسان نەبوو وێنەیەک یان سەرچاوەیەک لەناو ئەرشیڤە دیجیتاڵەکەمدا بدۆزمەوە. هەر بۆیە ویستم هەموویان بە شێوەیەکی مۆدرێن و ئاسان پۆلێن بکەم و ماشێنێکی گەڕانیشیان پێوە ببەستمەوە تاوەک بەئاسانی ئەوەی دەمەوێت، بیدۆزمەوە. ئەوەی کە هەمبوو، ناونم نا کوردیپێدیا و ساڵی 2008 خستمە سەر نێت. دیارە سەرەتا خەڵک کەم دەیناسی و ئیدی وردە وردە زانیارییەکان بوونە دەیان هەزار و وێنەکانیشی بوونە زۆرتر لە 11 هەزار و گەرتووکخانەکەشی بووە گەورەترین گەرتووکخانەی دیجیتاڵی کوردی. ئەو گلانەی بۆ کوردیپێدیا داڕێژراوە، هێشتا 4 ساڵی تری ماوە تا بە ئەنجام دەگات. واتا تا ساڵی 2015 دەبێت پێشکەوتنی زۆر گرنگ بەخۆیەوە ببینێت.

**(باس)- کوردیپێدیا چ هەنگاوێکی بەدەستەوەیە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێت بە داتابانکێکی نەتەوەیی بۆ کورد؟**

هاوڕێ باخەوان: بۆ ئەوەی کوردیپێدیا ببێتە داتابانکێکی نەتەوەیی و زۆرینەی زانیارییە گرنگەکانی نەتەوەییمان لەخۆ بگرێت، لە داهاتوودا ئەم هەنگاوانە پیادە دەکات و دیارە هەنگاوەکانیش پێوەست دەبێت بە توانای داراییەوە:

1- کوردیپێدیا دەبێتە خاوەنی وێب-هۆستینگی خۆی و زیکەی 50گێگابایت شوێنی دەبێت. ئەمە زۆر گرنگە تاوەکو هەموو فایلەکانی کوردیپێدیا لە یەک ناوەندا بێت و بەکارهێن تووشی کێشە نەبێت. ئێستە بەشی زۆری فایلەکانی کوردیپێدیا لەسەر و پێی هاوڕێ باخەوانە و هەندێ کیشی لەسەر سکای درایڤی تایبەتیی هاوڕێ باخەوانە. هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە کۆکردنەوەیان لە ناوەندێکدا پێویستی بە داراییەکی باش هەیە.

2- کوردیپێدیا بە شێوەیەکی بەردەوام دیزاینی ماڵپەڕەکەی باشتر دەکات. هیچ کاتێک دیزاینی کوردیپێدیا گۆڕانی 100% بەسەردا نایەت، بۆ ئەوەی بەکارهێنەکانی سەریان لێ تێکنەچێت! هەر گۆڕانکارییەک بکرێت، هەنگاوی بەگەلەی تێدا ناکرێت.

3- کوردیپێدیا وەک ڕێکخراوێکی کوردی لە هۆڵەندا تۆمار دەکرێت.

4- ژمارە بانکی تایبەت بە دراوی یورۆ بۆ کوردیپێدیا دەکرێتەوە.

5- ڕووگەڕی کوردیپێدیا لە داهاتوودا دەکرێت بە شێوەزمانی باکور بە هەردوو گیتی ئارامی و لاتینی.

6- ڕووگەڕی کوردیپێدیا لە داهاتوودا دەکرێت بە زمانەکانی ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەڵمانی، عەرەبی، فارسی و تورکی.

7- هەوڵ دەدرێت هەڵبژاردەیەکی بابەتە گرنگەکان وەربگێڕدرێتە سەر ئەو زمانانەی ناوبران.

8- بۆ باشتر ناساندنیپرۆژەی کوردیپێدیا لە هەندێک لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان ڕێکلامی بۆ دەکرێت.

9- کوردیپێدیا دەرگای دۆنەیشن لە ڕێی PayPalوە دەکاتەوە و تەواوی یارمەتی و خەرجییەکانی لەسەر ماڵپەڕەکەی بەشێوەیەکی ترانسگەرانت گێشان دەدات.

10- لاپەڕەی کارکردنی خۆبەخشەکانی کوردیپێدیا بۆ تۆمارکردن و گۆڕینی بابەتەکان باشتر و ئاسانتر دەکرێت.

11- لە باشووری کوردستان بنکەیەک دەکاتەوە وەک ڕێکخراوێکی زانیاریبەخشی قازانج نەویست لەلای وەزارەتە پێوەندیدارەکان تۆمار دەکرێت.

12- هەوڵی بەدەستهێنانی 5 کارمەندی باش دەدات بۆ بنکەی باشوور. هەریەک لەو کارمەندانە دەبێت خەڵکی بەشێکی کوردستان بن بۆ ئەوەی کوردیپێدیا بتوانێت بەهۆیانەوە زانیاریی زۆر دەربارەی تەواوی بەشەکانی کوردستان بە کوردەکانی سۆڤیەتی پێشووشەوە، کۆ بکاتەوە.

**(باس)- دیارە زۆر گرنگە زانیارییەکانی کوردیپێدیا بە زمانە زیندووەکانی وەک ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیسکانی و هتد... هەبن. لەم بوارەدا چیت کردووە و چیت بەدەستەوەیە؟**

هاوڕێ باخەوان: دیارە وەرگێڕانی هەموو بابەتەکانی کوردیپێدیا بۆ زمانە زیندووەکان کارێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەستەمیش نییە ئەگەر کوردیپێدیا ببێتە دامەزراوەیەکی گەورە و لە باری داراییەوە کێشەی نەمێنێت. بۆ ئەم مەبەستە بیرمان لە 3 هەنگاو کردووەتەوە:

1- سەرەتا ڕووپەڕی ماڵپەڕی کوردیپێدیا وەردەگێڕینە سەر ئەو زمانانەی کە باسمان کردووەن.

2- کۆمپانیای گووگڵ لە هەوڵی ئەوەدایە زمانی کوردی بخاتە لیستی ماشێنی وەرگێڕانەکەیەوە! ئەمە کەنگێ بەدی دێت، ئەوەیان نادیارە. بەڵام ئەمە دەبێتە یارمەتیدەرێکی زۆر باشی کوردیپێدیا تاوەکو بتوانین بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی وەربگێڕینە سەر ئەو زمانانەی کە خۆمان دەمانەوێت. هەڵبەت کوالیتیی وەرگێڕانی ماشێنی وەک هی مرۆیی نییە و ناتوانرێت 100% پشتی پێ ببەسترێت. بەڵام هەرچۆنێک بێت، دەتوانرێت زۆر سوودی لێ وەربگیرێت، بەو مەرجەی کورد خۆی ڕێنووسی خۆی باشتر و یەکگرتوو بکات.

3- هەنگاوی سێیەم ئەوەیە کە ئەگەر کوردیپێدیا بوو بە دامەزراو، بەشی وەرگێڕانی هەبێت تاوەکو بتوانێت بەلایەنی کەمەوە زۆرینەی بابەتە گرنگەکانی وەربگێڕێتە سەر ئەو زمانانە.




### هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعر و سیاسەت و تازەگەری

# مەحمود دەروێش: مرۆڤی کورد لە با زیاتر هیچ شک نابا

**مەحموود دەروێش شاعیرێکی تایبەت و ناوێکی تایبەتە لە ئەدەبی عەرەبی، ئەوەشی زیاتر ئەم شاعیرەی ناساند، هەڵوێستی بوو بەرامبەر بە جەماوەرەکەی و وەرەبەرنەدان بوو لە شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی، ئەو شیعرانەی بۆ فەلەستینی نووسی، بۆ گەلەکەی ئەو گەلەی زیاتر لە سێچارەکە سەدەیە خەون بە ئازادییەوە دەبینێ، مەحموود دەرویش بۆ خوێنەری کورد تا ئەم ساڵانەی دواییەش ناوێکی تایبەت بوو، بەڵام لە پاش کۆچکردنی ئەو ناوە زیاتر بووە جێگەی سەرنج، کاتێک قەسیدەی (کردستان)ی بڵاو کرایەوە، پێشتریش لە هۆنراوەی (مرۆڤی کورد لە با زیاتر هیچ شک نابا)، باسی ئەو گەلەی کردووە و لە کۆڕێکدا ئەو شیعرەی خوێندووەتەوە، لەوێدا لە چەند شوێنێک باس لە کورد و ئازار و ژانەکانی مرۆڤی ئاوارەی کوردی بێ نیشتمان دەکات و دەنووسێ:**

**خوێندنەوەی: سەلاح حەسەن پاڵەوان**

کوردەکان لە ئاگری ڕاستی نیزیک دەبنەوە و،
وەک گەپوولەی شاعیران دەسووتێن،
دەزانن چی لە مانا دەوێ، بێهوودەییە هەر هەمووی
پاشان دەڵێ :
وا نابم کە خۆم دەمەوێ.
لە شیعر کەمتر و زۆرتر زەویم خۆش ناوێ.
مرۆڤی کورد لە با زیاتر هیچ شک نابا تا تێیدا بنوێ و ئەو لەناویدا بنوێ،
بێهۆشی کات و ئەویش ئەو بێهۆش کات،
تا لە سیفەتەکانی زەوی و ئاسمان ڕزگاری بێ..

مەحموود دەرویش لە هەندێ لەو نامانەی کە بۆ ڕۆماننووسی کورد، سەلیم بەرەکاتی ناردووە، باسی لە کێشەی کورد کردووە و خۆی بە هاودەرد و هاوخەمی کورد زانیوە، ئەمە و دەشڵێن، هەندێ لەو شیعرانەی لە هەفتاکاندا بۆ کوردی نووسیوە، لە لایەن دەزگەی چاپ و بڵاوکراوە عەرەبییەکانەوە ڕێگەی نەدراوە بڵاو بێتەوە.

بێگومان نووسەرانی کوردیش لای خۆیانەوە گرنگیان بەم شاعیرە داوە، شێرکۆ بێکەس شیعرێکی درێژی بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەم شاعیرەوە نووسیوە، هەروەها چەندین کۆمەڵە شیعری کراوە بە کوردی و لێکۆڵینەوەش لەسەر شیعرەکانی ئەنجام دراوە، جەمال غەمبار کۆمەڵێ هەڤپەیڤینی لە دوو توێی کتێبێکدا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە لێرەدا خوێندنەوەیەک بۆ ئەو کتێبە دەکەین، کتێبی "هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعر و سیاسەت و تازەگەریی" بریتییە لە کۆمەڵێ چاوپێکەوتن، لە پێشەکیی ئەو کتێبەدا شاعیر جەمال غەمبار دەنووسێ "مەحموود دەروێش وەک شاعیرێکی دیاری بواری شیعری بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوێکی نامۆ نییە لای خوێنەواری کورد. وێڕای ئاوابوونی ئەستێرەی شیعری بەرگرییش، کەچی کاروانی داهێنانی ئەم پیاوە هەر ڕێ ئەکات و نەوەستاوە".

ئەم کتێبە کە 5 چاوپێکەوتنی گرتووەتە خۆی، ڕۆژنامەوانی بەتوانا (عەبدە وازن) لە عەمان ساڵی 2005 بڵاوی کردووەتەوە. هەڤگەیڤینکار دەڵێ: مێژووی ئەم شاعیرە زیاترە لەوەی کە مێژوویەک بێت و هەروەها ئێستەشی لەوە زیاترە کە بە تەنێ ئێستەیەک بێت، ئەم شاعیرە "جەماوەرییە" نوێگەر و پێشڕەو و خاوەن ڕێچکەیەکی ئەزموونگارییانەیە. ئەو کۆڕانەی کە هەردەم جەماوەرێکی لەسەروو ژمارەی چاوەڕواننەکراوەوە لە ئەم یان ئەو پایتەختی عەرەبی بۆ خۆیان کێش ئەکەن، بەڵگەن بۆ توانای چامە شیعرییەکانی ئەم شاعیرە.

لە ڕووی سیاسییەوە شاعیر مەحموود دەروێش خۆی گابەند نەکردبوو بە هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییەوە، هەروەها لە ژیانیشیدا تەنیا شیعری بۆ فەلەستین گوتووە، بەسەر هیچ سەرۆکێکی عەرەب و لایەنێکی سیاسی شیعری نەگوتووە، هەر بۆیەش لە یەکێک لەو پرسیارانەی کە وەڵامی دەداتەوە لەبارەی شیعری سیاسی دەڵێ :قەسیدەی سیاسی لە ئەمڕۆکەدا جگە لە خوتبەیەکی سیاسی چ مانایەکی تری لای من نییە، کە ئەشێ خوتبەیەکی جوان بێت و ئەشێ جوانیش نەبێت. ئەم جۆرە قەسیدەیە زیاتر خاڵییە لەو شیعرییەتەی ئەبێت لە قەسیدەدا هەبێت کە بەتەنگ ڕۆڵی داهێنەرانە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی خۆیەوە دێت، واتە، پێویستە شاعیر بە تەنگ پیشەکەیەوە بێ نەک بە تەنیا بە تەنگی ڕۆڵی خۆیەوە". شاعیر مەحموود دەروێش زیاتر لە 34 دیوانی بڵاو کردووەتەوە، بەناوبانگترین دیوانەکانی "تۆمارکە من عەرەبیم، گەڵاکانی زەیتوون، دوایین شەو، پیاهەڵدانی سێبەری باڵا، زاکیرەی لەبیرچوونەوە، دوازدە ئەستێرە، جێگێی گەگووڵە، نامەوێ ئەم قەسیدەیە کۆتایی بێت". نووسەر لە ماوەی ژیانیدا چەندین کۆڕ و سیمیناری شیعری لە جیهاندا گرتووە، هەروەها گۆڤارێکی بڵاو دەکردەوە بەناونیشانی "ئەلکەرمل". گاش مەرگی ئەم شاعیرە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە فەلەستین ڕۆژی ماتەمینی ڕاگەیەندرا و تەرمەکەی لە "ڕامەڵا" بەخاک سپێنرا. لەبارەی پێشڕەوی شیعر و توانای شیعری دەنووسێ "چێژوەرگرتن گرسێکی ئێجگار خودییە، ئێمە دووچاری فێڵە شیعری و هونەری و ڕووناکبیرییەکان ئەبینەوە. ئەو شتەی لە زەمەنێکی دیاریکراو و تەمەنێکی دیاریکراو هەروەها قۆناغێکی دیاریکراویشدا بە لامانەوە جوان بووە، هەمان ئەو شتە لەم زەمەنەی ئێستەماندا و لە خودی خۆیدا هەڵگری ئەو ژیانە نوێیە نییە وای لێبکات قابیلی خوێندنەوە بێت. بۆیە ئەدەبی نەمر ئەو ئەدەبەیە کە تخوبی سەرجەم زەمەنەکان و نەوەکان ئەبەزێنێت و تازەگەریی و هاوچەرخێتی خۆی ئەپارێزێت". نووسەر لە شاری حەیفا گەورە بوو، ئەو شارەی کە تێیدا ڕۆژنامەی ئەلئیتیحادی دەردەکرد، بەڵام گاش ماوەیەکی زۆر گرتن و بەزۆر ڕاگواستن ناچار بوو ڕوو بکاتە مۆسکۆ، هەروەها لەمەڕ ئەدەبی عیبریش هەندێ بۆچوونی تایبەتی هەیە، لەوێدا ئەوە دەردەخات کە لەنێو ئەدەبی عیبری لە ئەوروپا و ئەمەریکا هەندێ ناوی دیار هەن کە جێگەی سەرنجن، هەروەها شیعرەکانی مەحموود دەروێش خۆشی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکانی ئیسرائیلەوە وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی عیبری، هەندێ لە بەرپرسانی ئیسرائیلیش شیعرەکانی دەروێشیان خوێندووەتەوە وەک "شارۆن و سەرید سەر بە حزبی میریتس"، هەروەها هەندێ لە شیعرەکانی خراونەتە نێو پرۆگرامی قوتابخانەکانی ئیسرائیلەوە.




هەندێ جار شاعیر بە جوانی باس لە شتە وردەکانی ژیانی دەکات بەتایبەت ئەو شتانەی کە ڕۆژانە لە بەرکەوتنە بووە لەگەڵیاندا، لەمبارەیەوە باس لە ماڵ دەکات دەڵێ : ماڵ لە لای من واتا دانیشتن لەگەڵ خۆت، لەگەڵ کتێب و مۆسیقا و کاغەزی سگی. ماڵ لەو ژوورە ئەچێت کە تێیدا گوێ بۆ ناوەوەت ڕائەدێریت و هەوڵدانێکە بۆ خستنەگەڕی کات بە شێوەیەکی چاکتر. لە تەمەنی شەست ساڵیدا ئیتر مرۆڤ هەست بەوە دەکات کاتێکی زۆری بەدەستەوە نەماوە. شاعیرێتی مەحموود دەرویش گڕ بوو لە گۆشەگیری، ئەو وەک کەسانی تر داد و بێدادی نەبوو بە دەست گۆشەگیرییەوە، ئەو ئیدمان بوو لەسەر گۆشەگیری، بۆیە دەڵێ "گۆشەگیری یەکێکە لەو سەنگ و تەرازووە گەورانەی کە توانای مرۆڤی پێ لەمەحەک ئەدرێت".

**سەرچاوە: مەحموود دەروێش هەڵدانەوەی دەفتەرەکانی شیعر و سیاسەت و تازەگەری هەڤپەیڤین**
**وەرگێڕانی: جەمال غەمبار**
**دەزگەی سەردەم 2006**